# تا د.کەمال نەگەڕێتەوە نەمسا ، ئازاد نییە

راگەیاندنی ژمارە 17

سەرەڕای دەیان هەزار دەنگی جیاواز جیاواز لەهەرچوار پارچەی کوردستان و تاراوگەوە کە داوای ئازادکردنی د.کەمال سەیید قادریان کردووە، هێشتا پدک بەشێوەی فەرمیی بێدەنگیی نیشانداوە. ئەم جۆرە مامەڵەکردنەی پدک، مامەڵەیەکی کلاسیکییانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی رژێمی سۆڤێت و هاوشێوەکانییەتی، ئەمە بیرکردنەوەی رژێمە تۆتالیتارییەکانی دنیایە کە پێیانوایە بە تێپەڕبوونی کات، ئەم جۆرە دۆزانە دادەمرکێنەوەو دەسەڵاتداران سەرئەنجام بە چێژو ئارەزووەکانی خۆیان لە تۆڵەکردنەوەو کوشتنی شێنەیی نەیارەکانیان دەگەن.

ئێمە وەک کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال ، دووبارە بانگەوازی خۆمان بۆ هەموو ئازادییخوازان و نووسەران و رۆشنبیرانی کورد و خوێندکاران و قوتابیانی زانکۆکانی کوردستان دووبارە دەکەینەوەو داوایان لێدەکەین ، رێگە نەدەن ئەم جۆرە گەمە ساویلکانەی دەسەڵات بەسەر هەمووڵایەکماندا تێپەڕبن و بۆ حەزی دەسەڵات خەڵک ساردبکرێتەوە. دۆزی د.کەمال سەیید قادر، دۆزی مافی مرۆڤ و پێشێلکاریی ئاشکرای بیروڕای جیاواز و سەپاندنی دەسەڵاتی رەهای پێوەندییە خێڵەکییەکانە . دۆزی د.کەمال دۆزێکە لەنێوان قوربانیی و جەللاددا، دۆزێکە لەنێوان قەڵەم و جەبەروتی میلیشیایەکدا کە دەیەوێ پێوەندییە کلاسیکییەکانی بنەماڵەیی سەدان ساڵ لەمەوبەر لەشاری هەولێردا باڵا پێبکاتەوە.

وێڕای سوپاس و خۆشحاڵیی زۆرمان بەوەی بەرفراوانترین شەپۆل لە باشترین و چالاکترین نووسەران و رۆشنبیرانی کوردستان و هەندەران هاتوونەتە پشت ئەو کەمپەینە جیاواز جیاوازانەی بەرێخراون بۆ ئازادیی د.کەمال، بەپێویستمان زانی سوپاسی تایبەتی هەندێکیان بکەین کە نزیکەی چوار مانگە بەبێ پسانەوە بەردەوامن. ژووری کوردستان یونایتید و ئەدمینەکانی بەگشتیی و کاک بۆتین بەتایبەتیی، ماندووبوونێکی زۆریان کێشاوەو هەڕەشەی زۆریان لێدەکرێ بۆ وازهێنان لەکەمپەینەکەیان، بەڵام رۆژ بەرۆژ گەرموگوڕیی بە

نارەزایەتییەکان دەدەن . سایتی دەنگەکان کە زۆرترین ژمارەی ئەو وتارو نووسینانەی بۆ داکۆکییکردن لەد.کەمال نووسراون لەوێدا بلاوکراونەتەوە ، بەراستیی خزمەتێکی زۆری بەم دۆزە کردووەو دەستخۆشیی لە بەڕێوەبەرانی دەنگەکان دەکەین. هەروەها سایتی کوردستانپۆست، کە زۆرترین خەڵک بەنەیارو دۆستی د.کەمالەوە سەردانی دەکەن گوڕێکی باشی داوە بە نارەزایەتییەکان، دەستخۆشییان لێدەکەین. هەفتەنامەی ئاوێنە بە پێنج ژمارەوە چەندین بەرانبەر بە پانتایی و بەئەندازەی هەموو رۆژنامەکانی تر ئەم دۆزەی ورووژاندووەو قسەی لەسەرکردووە .

هاوکات دەستخۆشیی لەهەموو سایتەکوردییەکانی تر دەکەین کە کەم تازۆر بوونەتە جێگەی دەربڕینی نارەزایەتییەکانی نووسەران و رۆشنبیران و ئازادیخوازان، لەوانەش سایتی کوردستانیان،هەڵوێست ، رۆژهەڵات ، بۆپێشەوە ، رێکخراوی چاک ، هەروەها هەموو ئەو سایت و رۆژنامانەی تر کەم تا زۆر ئەم دۆزەیان ناساندووە . هەروەها سایتی کوردیش میدیاو سایتی ریفراندۆم بەزمانی ئینگلیزیی بایەخێکی زۆریان داوە بەم دۆزەو دەستخۆشیی زۆریان لێدەکەین. وێرای سوپاسی زۆری رادیۆکان بە دیارییکراویش رادیۆی هاوپشتیی لە وڵاتی سوید و تەلەفزیۆنی ڕۆژ تی ڤی هەموو میدیاکانی تر.

جێگای خۆیەتی ، سۆزو خۆشەویستی بۆ هەموو ئەو ئاکادیمست و نووسەرو رۆشنبیرو پارێزەرو شاعیرو ئازادییخوازانەی ناوەوەی کوردستان و دەرەوەی کوردستان دەربڕین کە تا ئێستا بەوتارو نووسین و واژۆکانیان بوونەتە لەمپەرێکی گەورە لەبەردەم دەسەڵاتداو دەسەڵاتی سیاسییان شەرمەزارکرد و پێیان سەلماند کە د.کەمال بەتەنها نییەو ناکرێ 30 ساڵ زیندانیی بۆ د.کەمال لەلایەن پدک بچێتە سەر. هەروەها ئەو رێکخراوە کولتووریی و سیاسییانەی کە بەفەرمیی هاتوونەتە پشت کەمپەین یان بەشێوازی خۆیان داکۆکییان لە ئازادیی بۆ د.کەمال کردووە، وێرای دەستخۆشیی لەهەموو ئەوانەی کە خۆپیشاندانیان سازکردو هەموو ئەوانەیش کە بەهەر شێوەیەک بۆی لوابێت پرۆتستۆی دادگای هەولێر و دەسەڵاتی سیاسییان کردووە .

ئەمجارەش ، پاش چەندین شانۆگەریی ئازادکردنی دکەمال و هێشتنەوەی لە زینداندا ، داواتان لێدەکەین، بنووسن، پرۆتستۆی ئەو دادگایە بکەن، یان بەهەر شێوەیەکی گونجاو و هێمنانە

بۆتان دەکرێ ، ئەو دەسەڵاتە شەرمەزار بکەن کە بەیاساکانی بەعس دەتانترسێنێ و بەهەمووومان دەڵێ ، هەرکەس رەخنە لەنهێنییەکانمان بگرێ و بەشوێن سکانداڵە سیاسیی و ئیدارییەکانمانەوە بێت ، کونجی بەندیخانەی 30 ساڵیی بۆ پێشوازییکردن لێتان ئامادەو کراوەیە. بەپێویستی دەزانین رووی دەممان بەتایبەتیی بکەینە خەلکی شارەکەی عەبدولخالیق مەعروف ، شاری هەولێر ، ئەوە چۆنە ئەو شارەی کە بەدرێژایی مێژوو قوڵپی داوە لەتووڕەیی دژ بە ستەمکاران ،کەچیی ئێستا نووسەران و رۆشنبیران و ئازادیخوازانی ئەو شارە هەمووی سڕکراوە و کەمترین نووزەیان لێ نابیسترێ. ئێمە داوایان لێدەکەین پەیوەست بن بە تووڕەیی و بێزاریی نووسەران و رۆشنبیرانی سلێمانی و کەرکوک و گەرمیان و پارچەکانی تری کوردستان و تاراوگەوەو چیتر رێگە نەدەن ئەو شانۆگەرییە ریسواییەی بەناوی داد و دادوەرییەوە کرا درێژە بکێشێ.

سەدبارە سوپاس و پێزانینی زۆرمان هەیە بۆ هەموو ئەوانەی داوای ئازادییان بۆ د.کەمال کرد،لەهەمان کاتیشدا داوایان لێدەکەین ، خاونەبنەوەو درێژە بە دەنگی "نا" کانیان بدەن و کەمپەینەکانیان گەرمتر بکەن و گوڕ بە پرۆتێستەکانتان بدەن و قەڵەمەکانیان بخەنەوە گەڕ و شەرمەزاری ئەو ریسواییە گەورەیە بکەن کە تەنها وتەنها پارتیی لێی بەرپرسیارە.

لەراستییدا ئێمە بەبێ پشتیوانی ئێوە ئەو توانایەمان نەبوو ئەم هەموو کارە بۆ د.کەمال بکەین، لەئاست حیزبێکی وەک پارتییدا کە خاوەنی سەدان هەزار دەروێش و دەیان میلیارد دۆلارو چەک وجبەخانەیەکی زۆروزەبەندو سەدان پێوەندی موخابەراتیی ناوچەیی و جیهانییە ، بەڵام زۆر زۆر پشتئەستوورین بە پشتیوانیی سەدان هەزار لەئازادیخوازان و نووسەران و رووناکبیرانی هەرچوار پارچەی کوردستان و ئازادیخوازانی جیهانیی و ریکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ .

خاوبوونەوە لەکەمپەینەکان و نووسینەکان و دەنگ هەڵبڕینەکانتان، دەستبەرزرکردنەوەیە بۆ دەسەڵات، بۆ پێشێلکردنی هەرچی زیاتری مافی مرۆڤ لەکوردستاندا و درێژەدان بەگەندەڵییەکانیان و مۆنۆپۆلکردن و زەوتکردنی سامان و ئیرادەی خەڵکی کوردستان. داواش لەو نووسەرە بەڕیزانە دەکەین تا ئێستا بەهەر بیانوویەکەوە دەنگی خۆیان کپکردووە ، دەنگی

ناڕەزایەتی بەرزبکەنەوە. با بەهەموو لایەکمان ڕێگە نەدەین، دەسەڵاتی سیاسیی کاراکتەر و کەسایەتیی دکتۆر کەمال بەو شێوە پۆلیسییە تێک بشکێنێ. هەر جۆرە ئازادکردنێکی د.کەمال بەکەفالەت بەتووندی ڕەتدەکەینەوەو لەئاستی نێودەوڵەتییدا شەرمەزاریی دەکەین و داواش لەڕای گشتیی دەکەین کە پشتیوانییمان بکەن لەوەی کە د.کەمال سەیید قادر دەبێت بەبێ هیچ بەندو مەرجێک ، بەئازادیی بۆ وڵاتی نەمسا بگەڕێتەوە.

**کەمپەینی ئازادیی بۆ د.کەمال سەیید قادر**

**دەستەی سەرپەرشتیکار**

**2006-02-12**